کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
12-4-2007 16:52بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## خـــۆزگـــە .. هیواکۆیی



خۆزگە سەدخۆزگە گوێچکەی من کاسبا
دەنگی ناسکی تۆم هەرگیز نەبیستبا
خۆزگەسەدخۆزگە بینایم کوێربا
تائەم جوانیەی تۆم بەچاونەدیبا
خۆزگەسەدخۆزگە لەشوێنی دڵم
بەردێکی ڕەقبا لەئاست تۆی گوڵم...
تاوەکودوربام لەگڕی عیشقت
نەتوابامەوە بەچاوی مەستت...
بەڵام ئەستێرەتۆبەم جوانیەت
بەم هەستەپاکەت بەم ناسکیەت
گەرکوێرو کەڕبام بینایم نەبا
ئەگەرخاکیشبام هەربونم نەبا...
عاشقت ئەکردم ڤینۆسی جوانی
مردوش لەئاست تۆدێتەبەرگیانی...



xozga_koyi@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.